# یاری ئەسپ سواری لە

یاری ئەسپ سواری یەکێکە لە یارییە پڕ جەماوەرییەکان و یارییە ئۆلۆمپییەکان، لەسەر ئاستی جیهان گرنگیەگی زۆری پێدەدرێت، بەڵام لە کوردستان بەهۆی نەبوونی یاریگای ستاندارتی تایبەت بە ئەسپ سواری گرنگی پێنادرێت، بەڵکو یانەیك نییە تەواوی ئەسپ سوارنی کوردستان لەخۆی بگرێت، کەمی بودجەش هۆکارێکی ترە. بۆ ئەم مەبەستەو بۆ تیشك خستنە سەر یاری ئەسپ سواری لە کوردستان ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.

سەرەتا (ستار حەمەد گەردی) سەرۆکی یانەی سلێڤای تایبەت بە ئەسپ سواری وتی «لە کوردستان ئێستا یەك یانەیە هەیە، هیچ یانەیەکی تر نییە تاکو ململانێیان لەگەڵ بکەین، ئاستی ئەسپ سواری باشیش نییە بگرە خراپە، لەبارەی کەمی کردنەوەی پاڵەوانەتی بۆسوارچاکان وتی «ئێمە نزیکەی ٣٠ئەسپمان هەیە و مانگانە بڕی ٢ملیۆن دینار بودجەمانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان و یارییە میللییەکان پێمان دەدەن و هیچ کەسی تریش هاوکاریمان ناکات، تاکو ئێستا یەك فلسیشمان لە کەس وەرنەگرتووە، زۆر حەزدەکەین یانەکانی کوردستان ژمارەیان زۆر بێت. تاکو ململانێ هەبێت لە نێوان سوارچاکی کوردستان، لەبارەی کێشەکانیشیان وتی «کێشەمان هێند زۆرە باس ناکرێت.

(عومەر عەزیز) یاریزانی سواری چاکی لەهەولێر وتی «ساڵانە ئێمە فیستیڤاڵێکمان بۆئەنجام دەدرێت، ئەویش بۆ بەردەوام بوونی ئێمەیە لەم یارییە، کەس نییە خولێکمان بۆبکاتەوە، وتیشی ئەگەر بکرێت ساڵانە ٢تا٣خولی جۆراوجۆرمان بۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی سوارچاکانی هەموو کوردستان بێنە یاریگایەکی تایبەت و ئاستی خۆمان تاقی بکەینەوە، چونکە ئەوە یارییەکی کۆنی کوردەوارییە.

(ئالان حمە عەلی )یاریزانی سوارچاکی شاری سلێمانی لەبارەی ئەم یارییە لە کوردستان وتی «بەڕاستی یاری ئەسپ سواری یارییەکی کۆنی کوردەوارییە و لەسەر ئاستی جیهانیش گرنگی زۆری پێدەدرێت، لە کوردستانیش گرنگیەکی وای پێنادرێت، جێی ئاماژە پێکردنە ئێمە کێشەی نەبوونی یاریگامان





# کوردستان لەسەرەتایە

هەیە، لەلایەکی ترەوە کێشـــەی وڵاغمان هەیە کـــە وڵاغەکانمـــان زۆر باش نین، وتیشی ئەم فیستیڤالە لەناو کاتی خوێندن نەکرێت، چونکـــە یاریزانی زۆرمان هەیە، بـــەڵام قوتابین ناتوانن بەشـــداری هەموو فیســـتیڤاڵێك بکـــەن، کێشـــەی نەبوونی بەربەستی یاری و چەندین کێشەمان هەیە ئەگەر بەرپرسان گرنگی پێبدەن، ئاستمان زۆر بەرز دەبێت.

(کاوە ئەبـــو بەکر) یاریزانی ســـوارچاکی لەشاری رانییە وتی «ئێستا یاری ئەسپ سواری لە کوردستان لەســـەرەتایە، بەڵام زۆرباش نییە لەگەڵ رۆژگاردا پێشدەکەوێت و خەڵك زیاتر ئاشـــنای ئەم یارییە دەبن. منیـــش ماوەیەکی زۆرە ئەم یارییە دەکەم، بەڵام کێشە و گرفتی ئەم یارییە لەوەیە کە لەرووی دارایی هیچ هاوکارییەك ناکرێن و لە کوردستان یاریگای تایبەت بەم یارییە نییە. لەرووی راهێنان و زانیاری لەســـەر ئەم یارییە وەکو پێویســـت نییە، ئێمە وەکو ئارەزووانی ئەم یارییە بەدوای سەرچاوەکان دەگەڕێین و پەیدای دەکەین. هەست دەکەم ئەم یارییە پشـــتگوێ خـــراوە لەزۆربەی شارەکانی کوردستان. گرفتی ئەسپیش گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە.

(قادرحمە ئەحمەد)یاریزانی ســـوار چاکی لە دەڤـــەری راپەڕین وتی «ئاســـتی ئەم یارییە بەبۆچوونی من باشـــە، چونکە من وەکو یاریزانێك لەزۆر خولی ئەسپ سواری بەشداریم کردووە، بەڵام زۆر کات نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە ئەســـپ ســـواری بۆتە کێشە بۆ پێشـــکەوتنی ئەم یارییە لە کوردســـتان، بۆئەوەی ئێمەش وەکو هەموو وڵاتانی جیهان گرنگی تایبەت بەم یارییە بدەیـــن، ئەگەر بکرێـــت یانەیەکی تایبەت بە ئەســـپ ســـواری بۆ هەموو شارەکانی کوردستان دابمەزرێ.

(مەریوان حوسێن) یاریزانی سوار چاکی لە شاری کەرکوك وتی «ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان ئێستا لە پێشکەوتنە، داواکاریشم لە هەموو یانەکانی کوردســـتان ئەگەر بکرێت تیپی ئەســـپ ســـواری لە یانەکانیان دروست بکەن، چونکە یارییەکـــی جیهانییـــە، ئەگەر بکرێت ئێمـــەی ســـوارچاکانی کوردســـتان هەموومان لە یانەیەکی بەهێـــز کۆبکەنەوە تاکو بەناوی کوردســـتان بەشـــداری لـــە پاڵەوانەتیە جیهانییەکان بکەین، لە کوردســـتان کێشە و گرفتی یانەکانیش تاکو ئێســـتا شوێنە بۆ ئەوەی مەشـــق و راهێنانی تێدا بکەین، کەچی لە شاری بەغدا هەیە.



## موراد نەجات گەردی یاریزانی یانەی سەقەری یەمەنی:

# یانەی هەولێر یانەی خۆمە و بەشانازیەوە یاری بۆدەکەم

**لەدایکبووی شـــاری هەولێرە لەساڵی ١٩٨٦ ئێســتا دانیشتوی وڵاتی نەمسایە و لەچەندین یانەکانی وڵاتی نەمسا و یەمەن یاری کردووە، ئەمساڵیش چەندین بۆندی پێشکەش کراوە، هەر چەندە بەنیاز بوو بێتە یانەی هەولێر، بەڵام بۆندی لەگەڵ یانەی سەقەری یەمەنی مۆرکردووە، بۆ بەسەر کردنەوەو ئاشناکردنی بە خوێنەران بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

***ئاشـــنا بوونت بە یـــاری تۆپی پێ چۆن بوو؟**

- وەکـــو هەمـــوو یاریزانێکی تـــر منیش لەرێگـــەی قوتابخانەوە هاتمـــە نێو ژیانی تۆپی پێ و بە پشتگیری خانەوادەکەم توانیم بگەمە ئەو ئاستەی ئێستام.

***ئاستی وەرزشـــی کوردستانت چۆن بینی ئەمجارە کەهاتیەوە کوردستان؟**

-ئاســـتی وەرزشـــی لە کوردســـتان ئێستا قۆناغێکی باشـــی بڕیـــوە، منیش لەکاتی هاتنەوەم ســـەردانی زۆر یاریـــگام کرد لە گەڕەکانی شـــاری هەولێر و چوومە زۆریان بۆسەیرکردنی ئاســـتی وەرزشی ئەو شارە، بەڵام ئەوەی من تیبینیم کرد ئاستی وەرزش لێرە زۆر پێشکەوتووە.

***ئەی لە ئەوروپا لە چ ئاستێکە؟**

- لای هەموو کەســـێ ئاشـــکرایە وەرزشی ئەوروپا لەوپەڕی ئاست بەرزییە، لە نەمساش وەکـــو هەموو وڵاتانـــی ئەوروپا وەرزش لەو وڵاتە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و هیچی کەمتر نییە لە وڵاتانی تری ئەوروپا.

***چۆن بوو هاتیەوە شاری هەولێر؟**

-هەندێـــك کاری تایبەتم هەبوو لەگـــەڵ باوکـــی بەڕێـــزم هاتمـــەوە، مـــاوەی چەنـــد رۆژێکیش لەگـــەڵ یانەی هەولێر مەشقم کرد.

***لە پاڵەوانەتی ڤیڤا زۆر حەزت دەکرد بۆ هەڵبـــژاردەی کوردســـتان یاری بکـــەی، بەڵام دوایی بەشـــداریت نەکرد، هۆکارەکەی چیبوو؟**

-راســـتی ئەوە هیـــوای من بوو درێســـی هەڵبژاردەی کوردســـتان بپۆشم، کێ هەبێت حەز نەکات درێســـی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بپۆشـــێت، بەڵام من لەگەڵ یانەی تیلال پەیوەست بووم بە بۆندێك، بۆیە نەمتوانی بەشـــداربم، پەنا بەخوا لە داهاتوو ئەم درێســـە دەپۆشم.

***بڕیار بـــوو لەگـــەڵ یانەی هەولێـــر بۆند مۆربکەی بۆچی بۆندەکەت مۆرنەکرد؟**

-راستە قسە و باســـێکی زۆریش بڵاو کرایەوە لە راگەیاندنەکان کەمـــن بۆند لەگەڵ یانەی هەولێر مۆردەکەم، بەڵام ماوەی ١٠رۆژ مەشقم لەگـــەڵ یانەی هەولێر کرد هیچ کەســـێك لە یانەکە نەهات بڵێ کاکە تۆ بەم شێوەیە لەگەڵ ئێمـــە رێککەوتی، تەنیا قســـەبوو خۆ منیش یاریزانێکی پیشـــەگەرم دەبوایە وەکو یاریزانە عەرەبەکان قســـەیان لەگەڵم بکرادایە بزانن من چیم دەویســـت، بۆیە ئەوانیش قســـەیان نەکرد منیش ئامادە نەبووم بێ قسە یاری بۆهیچ یانەیەك بکەم.

***ئـــەی چۆن بـــوو چوویتە یانەی سەقەری یەمەنی؟**

- کاتـــێ لـــە وڵاتی یەمەن لەگەڵ یانەی تیلال یاریم کرد، پارساڵ ئاستێکی بەرزم پێشکەش کرد، ئەوانیش پاڵەوانی خولی یەمەن بوون داوایان لێ کردم، بۆیە منیش رازی بووم یاریان بۆبکەم.

***راســـتە کاتی گەیشـــتنت بۆ وڵاتی یەمەن یانـــەی ســـەقەر پێشـــوازیەکی گەرمیـــان لێکردی؟**

-بەڵـــێ لەکاتی گەیشـــتنم بـــۆ فڕۆکەخانە دەســـتەی کارگێڕی یانەی سەقەر پێشوازیان لێکردم، منیش زۆر دڵخۆش بووم، چونکە ئەوە بۆمن شەرەفە.

***بۆنـــدی زۆرت بۆهـــات لەلایەن یانەکانـــی وڵاتانی عەرەبی، بۆچی لەم هەموو بۆندە باشە وڵاتی یەمەنت هەڵبژارد؟**

-راســـتی یانـــەی ســـەقەر لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بەشـــداری دەکات، منیـــش حەز دەکەم وەکـــو یاریزانێکی کورد خۆم بســـەلمێنم، لەم خولە بۆئـــەوەی بتوانم درێســـی هەڵبژاردەی عێراق بپۆشم، بۆیە یانەی سەقەریشم هەڵبژارد ئەگەر نا لە زۆر وڵاتی عەرەبی بۆندم پێشکەش کرابوو.

***دەڵێـــن دوو یانـــە لە وڵاتی نەمســـا**



بۆندیان پێشکەش کردی بۆچی نەچوویتە ئەو یانانە؟

- بەڵێ ڕاست بوو یانەی ئەل تاخ و یانەیەکی تر داوایان لێ کردم، بەڵام من حەزم زیاتر لە خولە عەرەبییەکانە، یاریزانیش لە خولە عەرەبییەکان زیاتر دەدرەوشێتەوە.

***لە کاتی مەشقی هەڵبژاردەی عێراق قستە لەگەڵ سیداکا کرد بۆچی؟**

-منیش وەکو هەموو یاریزانێك مافی خۆمە لە هەڵبژاردەی عێراق یاری بکەم، بۆیە بۆئەوەی سیداکا بمناسی قسەم لەگەڵی کردو زۆریش سەرسام بووم پێم و بەڵێنی ئەوەی پێداوام لە داهاتوو بانگهێشتم بکات بۆ هەڵبژاردەی عێراق، چونکە تا ئێستا نەیزانی بوو کە من لە یانەیەکی وڵاتی یەمەن یاری دەکەم.

***خولی کوردستان خولێکی بەهێزە هیچ زانیاریەکت لەسەری هەیە؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت هیچ یاریەکەم نە بینیوە، بەڵام زۆر گوێبیستی ئەوە بوویمە کەوا خولی کوردستان خولێکی خۆش و بەهێزە.

***ئامادەی جاریکی تر بگەڕێیتەوە هەولێر و یاری بۆ یانەکەت بکەی؟**

-بێگومان یانەی هەولێر یانەی خۆمە و ئەگەر دەرفەتم بۆ برەخسێ بەشانازیەوە یاری بۆ دەکەم.

***دەڵێن زۆر خزمەت لە پۆشینی درێسی هەڵبژاردەی عێراقە؟**

-ئەوە هیوای هەموو یاریزانێکە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی یاری بکات، ئەگەر دەرفەتم بدنی، دەتوانم لە داهاتوویەکی نزیك خۆم بسەلمێنم لەو هەڵبژاردەیە.

***چیت ماوە لە کۆتایی بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

-لە وڵاتی یەمەنەوە تا کوردستان ڕێزم هەیە بۆهەموو هاندەرانی خۆم، کەوا منیان خۆش دەوێت، بەڵێنیان پێ دەدەم بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و سوپاسی گۆڤاری گوڵانی ئازیز دەکەم کە لە وڵاتی یەمەنەوە منی بەسەر کردەوە.



## دووریا مستەفا یاریزانی باڵەی یانەی سۆران:

# بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو یاری باڵە زۆر پێشکەوتووە

**لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٦، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاری باڵە، لە پاڵەوانەتی خولی شیاندنی یانە پلە یەکەکانی کوردستان ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد، ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ یانەی سۆران وەکو یاریزان بەشداری لە چەندین پاڵەوانەتی کردووە، لەهەمان کاتیشدا فەرمانبەرە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران. ئێمەش ئەم دیمانییەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***ئاستی یاری باڵەی کچان لەکوردستان چۆن دەبینی؟**

-لەم ساتەدا ئاستی یاری باڵە لە کوردستان لەچاو جاران زۆر پێشکەوتووە کچان زیاتر ڕوو لەیاری باڵە دەکەن.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم یارییە؟**

-پێمباشە خولی بەردەوام بکرێتەوە لەگەڵ دابینکردنی هۆڵی تایبەت بۆکچان بۆئەوەی خۆیان بەباشی لە نێو بواری یاری باڵە بدۆزنەوە، چونکە لەشاری سۆران هۆڵی داخراو نییە تایبەت بێت بۆکچان.

***یانەکانی کوردستان وەکو پێویست گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدەن؟**

- لە چاو خۆیان باشن تاڕادەیەك.

***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

-کێشەو گرفتەکانمان نەبوونی هۆڵێکی داخراوە.

*** خانەوادەکەت ڕێگریت لێ ناکەن لە وەرزش کردنت؟**

-بەهیچ شێوەیەك تا ئێستا بەربەست نەبووینە لەبەردەم وەرزش کردنم، خۆشیان لە ماڵەوە یاری باڵە ئەنجام دەدەن.



***داواکاریت چییە لەلایەنی بەرپرس؟**

- بەهیوای ئەوەم بتوانن لە ئێستا زیاتر پشتگیری کچان بکەن.

***ساڵانە کردنەوەی یەك پاڵەوانەتی بۆئێوەی کچان کەم نییە؟**

-خولێك کەمە، ئەگەر بکرێت خولی تریش بکرێتەوە، ئەوا ئاستی کچان زۆر باش دەبێت.

***چی بکرێت باشە بۆئەوەی وەرزشی کچان پێش بکەوێت؟**

-هەرچی بکرێت بۆکچان هەرکەمە، پشتگیری کردن و دابینکردنی پێداویستییەکان باشترین شتە.

***ڕاگەیاندنەکان وەکو پێویست گرنگیان بە ئێوە داوە؟**

-هیچ کەم تەرخەمیان نەکردووە.

***هیوا و ئاواتت وەکو یاریزانێك؟**

-بتوانم بەرزترین ئاستی یاری باڵە پێشکەش بکەم.

***دەستەی کارگێڕی یانەکەتان چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-هیچ کەمتەرخەمیان نەکردووە.

***پەیامت چییە بۆئەو خێزانانەی کە ڕێگری لە کچەکانیان دەکەن لەوەرزش کردنیان؟**

-بە زووترین کات بتوان بە پێچەوانەی خۆیان یارمەتی کچەکانیان بدەن.

# فۆیاشیتش تووشی پێکانێکی سەخت بوو




یاریزانی هەڵبژاردەی سلۆڤینیا و یانەی لۆس ئەنجلۆس لێکرز بۆ تۆپی باسکە ساشا فۆیاشتیش تووشی پێکانێکی سەخت هات، دوای ئەوەی لەکاتی مەشقکردن تووشی لەقبوونی مێشك بوو، لەمبارەیەوە یانەی لۆس ئەنجلۆس لێکرز لە ماڵپەڕی فەرمی خۆیدا تەئکیدی لەم هەواڵە کردەوە

و وتی: فۆیاشیش لەژێر چاودێری پزیشك دەبێت و دەبێت لە هەموو چالاکییەك دووربخرێتەوە کە پێوەندی بە تۆپی باسکە هەیە.

یاریزان فۆیاشیتش لە ساڵی ٢٠٠٤ هاتە ریزی یانەی لۆس ئەنجلۆس لێکرز و توانی لەگەڵ ئەم یانەیە دووجار پاڵەوانییەتی یانە پیشەگەرەکانی ئەمریکا بۆ تۆپی باسکە بە دەست بهێنێت.

## بەهۆی ماددە وزە بەخشەکان بۆ ٢١ مانگ رادەگیرێ

ئاژانسی ئەمریکی بۆ ماددە وزەبەخشەکان رایگەیاند کە بڕیاری دا یاریزانی ئەمریکی و پاڵەوانی ئۆلۆمپی لاشۆن مێریێت بۆ ماوەی ٢١ مانگ رابگیرێت بەهۆی بەکارهێنانی مادە وزەبەخشەکان.
لاشۆن مێریێت تەمەن ٢٤ ساڵ یەکێك لە باشترین یاریزانەکانی ئەمریکایە لە راکردنی ٤٠٠م و هەروەها یاریزانی تیپی ئەمریکایە لە راکردنی ٤*٤٠٠ پۆستە و خاوەن ملوانکەی زێڕە لە راکردنی ٤٠٠م لە پاڵەوانییەتی جیهان بۆ گۆڕەپان و مەیدان.




## سیرینا ویلیامس ئەمساڵ لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە

ئەستێرەی تێنسی سەر زەوی ئەمریکی سیرینا ویلیامس بەهۆی پێکان بڕیاری دا لە گشت پاڵەوانییەتیەکانی ئەم وەرزە بەشداری نەکات، لەمبارەیەوە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سیرینا ویلیامس وتی: بەداخەوە بڕیارم دا بەشداری لە هیچ پاڵەوانییەتیەك نەکەم تا کۆتایی ئەم وەرزە، ئەمەش بەهۆی ئەم پێکانەی کە لە مانگی تەمووزی رابردوو تووشم هاتبوو و تا ئێستا بەردەوامە.

جێگەی باسە بەهۆی بەشدارینەکردنی لە زۆربەی پاڵەوانییەتیەکان سیرینا ولیامس لە ریزبەندی یەکەمی یاریزانە پیشەگەرەکان گەڕایەوە پلەی دووەم دوای ئەوەی یاریزانی دانیمارکی کارۆلین فۆزنیاکی هاتە پێشەنگی یاریزانە پیشەگەرەکانی تێنسی سەر زەوی.



# بەندکردنی سێ یاریزانی ئێرانی بەهۆی ماچکردنی ئافرەتێک



یەکێــك لە ماڵپەرەکانی ئێــران هەواڵێکی ســەیری بڵاوکردەوە کاتێك رایگەیاند، کەوا سێ یاریزانی تۆپی پێی هەڕەشەی گرتنیان لێدەکرێت بەهۆی ماچکردنی ئافرەتێك لە ئێران.

ماڵپەری راجا نیوزی ئێرانی وتی: ســێ یاریزان هەڕەشــی گرتنیان لێدەکرێت بەهۆی هەڵسوکەوتی دوور لە ئایینی ئیسلامی پیرۆز.

هەرچەنــدە ماڵپەرکە نــاوی یاریزانەکان و ئەو یانەی ئاشــکرا نەکرد کە یــاری لێدەکەن، بەڵام ماڵپەرەکە ئاماژەی بــەوەدا کەوا راهێنەری ئەو یانەی کە یاریزانــەکان یاری لێدەکەن هەوڵ دەدات پارێزگاری لە یاریزانەکان بکات و رێگە نەدات بەند بکرێن، بەڵام بەرپرسانی وەرزشی ئێران ئاماژەیان بەوە دا دەبێت یاریزانەکان بە سزای خۆیان بگەن.

جێگەی باسە ئەم سێ یاریزانە لە یەکێك لە فرۆکەخانەکانی ئێران کچە هاندەرێکیان ماچکردووە، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە هەڕەشــی گرتنیان لێبکرێت.

## ڤیتالی پارێزگاری لە نازناوی یەکێتی بۆکسێنی جیهانی دەکات

**یاریزانی ئۆکرانی ڤیتالی کلیتشــکۆ توانی پارێزگاری لە نازناوی یەکێتی بۆکســێنی جیهانی لە کێشی قورس بــکات دوای ئەوەی توانی بە جیاوازی خاڵ لە یاریزانی ئەمریکی شانۆن بریگز بباتەوە.**

**ڤیتالی کلیتشــکۆ تەمەن (٣٩) ســاڵ ٤٣ یاری ئەنجام داوە، کە تیایدا ٤١ ســەرکەوتنی بە دەســتهێنا، لەم ٤١ سەرکەوتنە ٣٨ ســەرکەوتنی بە لێدانی کوشندە هێناوە و تەنیا لە دوو یاری تووشی دۆڕان هاتووە.**



## هەڵبژاردەی ئیسپانیا پارێزگاری لە پێشەنگی هەڵبژاردەکانی جیهان دەکات

یەکێتــی تۆپی پێی نێودەوڵەتی فیفا ریزبەندی هەڵبژاردەکانی لە مانگی ١٠ ئاشکرا کرد، دوای ئەوەی زۆربەی هەڵبژاردەکان چەندین یاری دۆستانە و یارییەکانی پاڵاوتنیان ئەنجام دا، لە ریزبەندی نوێدا هەڵبژاردەی ئیسپانیا پارێزگاری لە پێشەنگی باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان کرد لە تۆپی پێ و هەروەها هەڵبژاردەی هۆڵەندە پارێزگاری لە پلەی دووەم کرد و هەڵبژاردەی بەرازیل هاتە پلەی سێیەم لە شــوێنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کە گەڕایەوە پلەی چوارەم، لە ریزبەنــدی تازەدا هەڵبژاردەی عێراق ١٣ پلە هاتە پێش و ئێســتا لە ریزبەندی ٩٤ دایە، ئەمەی خوارەوە ریزبەندی باشــترین ١٠ هەڵبژاردەی جیهانە بۆ تۆپی پێی.

**١- هەڵبژاردەی ئیسپانیا ١٨٨١ خاڵ.**
**٢- هەڵبژاردەی هۆڵەندە ١٦٨٣ خاڵ.**
**٣- هەڵبژاردەی بەرازیل ١٤٩٣ خاڵ.**
**٤- هەڵبژاردە ئەڵمانیا ١٤٨١ خاڵ.**
**٥- هەڵبژاردەی ئەرژەنتین ١٣٢٠ خاڵ.**
**٦- هەڵبژاردەی ئینگلتەرە ١٢٠٥ خاڵ.**
**٧- هەڵبژاردەی ئۆرگوای ١١٦٧ خاڵ.**
**٨- هەڵبژاردەی پورتوگال ١١٢٣ خاڵ.**
**٩- هەڵبژاردەی کرواتیا ١٠٨٦ خاڵ.**
**١٠- هەڵبژاردەی رووسیا ١٠٦١ خاڵ.**



بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە : بەرپرسی فایلی وەرزش: ئەحمەد عەزیز
Email: sport@gulan-media.com rebin1985@yahoo.com
Mobile: 4480386